له نێو ئازیزاندا:

# گـلـەیـی

خالید مەجید فەرەج

کارتەکەت جوانـــــــــــە هی دەسی دووە
بۆ پەلە نـــــــاردت، خۆ جــــــــــاریٚ زووە
نامەم بۆ ناردی یــــــەك و دوان و سیان
وەڵامت نـــــەبـــــــــو ووتم خەووتــــــــــووە
سێ زەرفم نارد بۆت، هێنی چیمەنـــــــــــتۆ
ئەحواڵی دنیـــــــــــام، تیانووسی بۆ تــــــۆ
دووکارت لە گەڵیان جەژنانەی ئەم ساڵ
وەکــو شـــەمامە پـــڕ لە خەت و خـــــاڵ
ووتـــــــــم بۆ ئـێـوە ئەوە هیچ نـیـە
یەکتـــــــــان باڵابەرز، یەك عەرعەریـــە
ئـیـتر سندوقی بەریـــدی خـــۆمـــان
خۆت ئـــامادە کـــە، وا هات کاغەزمان
خـــۆت ڕاوەشێــنە یــەك ودوان نییە
کار لە حــەفـتاش و هەشتاشا نیە
دوای چل شەوی ڕێك نیوە، زەرفێك هـــات
لــە ناوپۆستەکە لێی کەو تــبوو مـــــــات
هــەڵم گرتەوە لـــــــــــــــەلای تۆوە بوو
عینوانی خـــۆتـــی هیچ لەسەر نەبـــــــوو
وەهـــات ناردبـــــــوو نەگـــەڕێـتەوە
نـــەشگات لــــــە بەرید بمێنێتەوە
باش بوو سەرف بوون، ئەو جووتە کارتە
هەرزان کڕیوتن بەسیعری پاتـــــــــــــــــــە
بیخۆ برادەر کــــــــــــاغەز نانێـــری
داڵغەی چیت هەیە وا چوویتـــە ژێـری
ووتمان وائەوتان عەودالّی ژنــــــــــــــــە
ئەی ئەمیان داخۆ خەریکی چنــــــــــە..؟
تۆ نـــــەدڵداری ســـەرت نــــەپــــــــــەرژێ
نــــە نوێژ کەریـــشی جێ بێنی فـــــــەرزێ
نەساحێـــب ژن و منـــــــــــــدالّی زۆری

نه بۆ ڕیشۆڵـــه چاوەڕێی تـــۆڕی

ئـــاخر پێم ناڵێی تۆ مەشغوڵی چیـــت

بۆچی لەسەر چی کاغەز نــــانێـــریت

تـــۆ نە بە قاڵی میوەکەت بـــــــڕزێ

نە توجار باشیت، بچی بـــــۆ مەرزێ

تـــــۆ هەتــــەو نیتە یـــــەك سیتۆی حیزە

خۆی بـــــۆ خۆی ئـــــەڕوا نەشبێ نـــەقیزە

ئیـتر نازانم بـــــۆ وا تــــە نگاوی

کۆنابیتەوە پـــــەرش و بـــــلاّوی

سوچ و گونـــاحم چی بـــــوو کاکە گیان

چل ڕۆژ بــــۆ سندوق ببمە بـــاخەوان

چـــل شەوچـــل ڕۆژ وەلاّم مەبینە

ڕەمەزانێك بــــــوو لە گەڵ تۆمیـنە

ئاخری مانگ دەرکەوت تۆپیش زرمەی هات

کردمان بــــــە جەژن نیو زەرفـــمان بۆ هات

دەك موبارەك بێ بەربـــانگی چاکە

چـــــل ڕۆژ بە ڕۆژ و ئیـفتار شیاکە

---

هەندێك لە نامەی برادەرانم کاتی خۆی بە هۆنینەوە وەلاّم داوەتەوە، بە گلەییەکی گاڵتە ئـــامزەوە بۆ خۆشی. لە ئەدەبی عەرەبی ئەم شێوە نامانە پێی ئەڵێن (اخوانیات)، تەرجەمـــــــەی ئەو دەستە واژەیە بۆکوردی، ئەگەر حەرفی بێت جوان ماناکەی نـــاپێکێ، بۆیە پێشنیاز ئەکەم (لە نێو ئازیزاندا) بکرێتە ناونیشان بۆ ئەم بابەتـە لە شیعردا.

کاتی خۆی زۆر هۆنراوەی گاڵتە ئامێزم نوسیوە، هەندێکیـــان وەکو( گەشتی چەمچەماڵ) و (فـــــــــــیرعەون) (شاییە کەی ولۆبە). (بەیتی حەمەنوری و محامیەکان)، (زیافەتەکەی کاکە حەمە)، کەهەریەکەیان زیاتر لــــە سەد و پەنجا بەیت دەبوون، بەداخەوە لەگەڵ یەك دەفـتەری شەست لاپەڕەیی، لە شیعری هەجوو هەموویان فەوتان. لـــــــــەم ماوەیدا کاك سدیقی محامی ووتی هەندێکیانم لە بەرە، بـــــا بیان نووسینەوە. هەرچەند ئەکەم خۆم بیربکەمەوە زۆرم لە بیرچۆتەوە بەپچڕ پچڕ ئەو تام و چێژەی جارانی نامێنێ.

خالید مەجید فەرەج

©Kurdistan Nêt

له نێو ئازیزاندا (١):

# حەمە هەندەرانی

شیعری:خالید مەجید فەرەج

برادەر وێنەتان، بــه کۆمـــــــەڵ جوانه*
بــائـــاوا بـــڕوا، نـــەك دانـــــه دانه
خۆزگـــــــــــەم بەخۆتـــــان گەنجێکی قــــــــۆزن
بۆڕێی دڵداری لـــــــــــــەش سوك، وەك تــــــــۆزن
باکچی کوردستان، پــاکی بــــــــــــزانن..!
کوڕە کورد لێرە، زۆر باش ئەفـــــــــامن..!
ئەڵێن بــــائەوان حــــورو سەربەست بـــــــــن
تێر تێر سەیرمان کەن، سەر خۆش و مەست بن
ئــــــەو کاتــــه یەکێ، بەدڵـــــــی خۆیان
بکەنــه جـــوان و فــارس ئـــەحلامیان..!
بۆتـــان بەیـــان کەم، وەسفی ئەم سیانــــــــــه
نێـــدەر لاندیـــان... زۆر جوان ڕەوانـــــــــــــه
گـلۆپی خاریـــج، بەوان ئـــــــــــه گـــەڕێ
کـچی هەنـــــدەران له دەوریان گـەڕێ...!
ئه مەی ئـــــــــەم سەریـــان قۆزو بێ هاوتـــــــا
به کــــــــراسی بەرت و تەنها یەك جـــــانتـــــا
گـەر بێیته دەرێ لـــــــــــــەو کوردستانه
منـــەتی نیــــــه و واجبی سەر شانــانه
ئــــەوەی نـــاوەڕاست کورت و ڕۆح سووکــه
کـــــــچه هۆڵـــــەندی خستـه تـــــالوکـــــــــــه

ئـــائەمەی ئــه م سەر، بــۆ دوور ئەڕوانێ
هەر کچێ سەیـــری کـــا ئیرۆیــــــه دانـــــێ
دەست لەنــاو گیرفـان بـــــــــــــۆژن وەستـــاوه
بەگـرنـتی بـیـبەن، بـــوخچەی نــــــەکــــــراوه
هـــەڵی بـــژێرن دوودڵی نـــــــــــــــــــاوێ
ڕابـــــــوردووی سپی، وەکـــو مـــاستاوێ

بـــــۆ زانیـــــــــاریتان له سیـــتۆی سێیــــــه**
جـــەواز ســـەفەری سیـــــــاسی پێیــــــه

©Kurdistan Net

خۆیەتی جێگەی مەقسەد و مەرام

نەی کردۆتەوە پشتێنی حەرام

هەڵس و کەوت شیرین هەندەرانیە

حسابی بانقی فلسی تیانیە

وێنە هەڵگرن بۆ یادگاری

ئەگەر لە لادێن یاخود لەشاری

حەوت بەتەڵەکەی سینەمای جاران

بوون بەسێ ئێستا وان لە هەندەران

ووتمان بەتەنها وێنەی خۆت بگرە

یەك پێر وەستاون هەموتان قەیرە

---

١ – لە ناو ئازیزان وهاوڕێیاندا، جۆرە شیعرێکی خۆشەویستی پڕ ڕاز و گلەیی و لاقرتێ هەبووە، لە کۆنەوە لە ئەدەبی کوردیدا بینراوە، بەڵام کەم بڵاوکراوەتەوە زیاتر دەما و دەم ڕۆیشتووە.

* ئەگێڕنەوە برادەرێکی هەندەرانی ئەیەوێ لە کوردستان ژن بهێنێت و خۆی نەڕواتەوە، ماڵی کچە و کچە خۆی داوای وێنەی لێ ئەکەن، ئەمیش وێنەیەکی بە کۆمەڵی خۆیی و هاوڕێکانی بۆ کچە ئەنێری، ئەم شیعرە زادەی هەوێنی ئەو حاڵەتەیە..

** سیتۆی سێ قۆناغێکی خوێندنی زمانی هۆڵەندیە بۆ بێگانەکان.

©Kurdistan Net